هەخنەی ڕەخنەی دەق پێویستی بە ئامادەگی بە بەها ڕەخنەییەکان و میتێدکاری ڕەخنەیی وەیە , دکتێر فوئاد ڕەشید لە ل80-81 ی کتێبی ڕەخنەی –ڕەخنەی ڕەمانی کوردی – دەنووسێت : لە حاڵەتی مامەکردنکی زانستی و بابەتییانە لەگەا ڕەخنەی ڕەخنەدا کار بێ پەی بردن بە میکانیزمای کارە ڕەخنەییەکە دەکرێت , تا بزانرێت چ میتێدکی ڕەخنەیی لە پشتەوەی کارەکەدایە . هەروەها کار بێ زانینی چۆنێتی و چەندایەتی ئامادەبوونی بەها ڕەخنەییەکان دەکرێت لە نێو کارە ڕەخنەییەکەدا."
زنجیرەی ڕەخنەی – ڕەخنەی تێکست- بە پێوەری فۆرمالیستی یاکوبسن بێ ئەدەبیبوون : نائەدەبیبوون + نائەدەبیبوون + ئەدەبیبوونی لێدەکەوێتەوە , بەام بە پێوەری ڤان دیك بنەمای پراگماتیکی مەعریفی و ئیدراکی لێدەکەوێتەوە , ئەو دووەش لە دەرەوەی دەقن , بەام پەیوەستن بە هەستی پەیامگرەوە .

پێش مێتاتێکستی وتارەدراما , هەندێ دەقنووس ژانرکی نزیك لەو ژانرەیان بێ دەقی خۆیان داناوە , بێ نموونە عەزیزی مەلا ەش بێ دەقی –کرمانج – وتارەچیرك-ی داناوە , پێش هەموو شتك چاوەڕێ دەکرێ بنەمای وتار و چیرك لەم دەقەدا دەرکی پێبکرێ , بزانین هەستی پەیامگر بەرانبەر وتارەچیرکی کرمانج چۆنە. دکتێر فوئاد ڕەشید 2005 لە ل39-40 ی کتێبی ناسنامەی دەق تێروانینی رزگار لوتفی و ڕەشید صابیر و خۆی بەرانبەر ناونیشانەکە ئاوا دەخاتە ڕوو ":

1.رزگار لوتفی هیچ ئاماژەی بێ ئامادەبوونی زاراوەی وتارەچیرك لە دەقی –کرمانج – نەکردووە بەکو وەك چیرك مامەی لەگەدا کردووە.
2.صابیر ڕەشید وتاری بیبلۆگرافیا ئامزدا وەکو –کورتە ڕمان –ك

دەقی کرمان-ی پێشین کردووە.
3.خ‌ی , فوئاد رەشید
بە چەند پرسیارێك لە دەقی کرمانج دەستی پێکردووە وەك وتارەچیرێك واتای پێکهەگرێدانی دوو هونەری ئەدەبیە بۆ خوێقاندنی فۆرمێکی نوێ؟ یان نووسەر لە رووی تەکنیکی دارشتن و زمانی گێرانەوەی بەرهەمەکەوە هەستی بە تایبەتمەندییەك – سادەیی و ڕاستەوخۆی- کردووە , بۆیە ئەم زاراوەیەی بۆ بەکارهێناوە؟…کەمتر زاراوەکە ئاماژە بە دارشتنی ژانرێکی یا چەشنێکی ئەدەبی نوێ دەکات.”

ئەنجامگیری

لەم نووسینەدا چەند ئەنجامێك بە دەست گەیشتوون , لەوانە
1.زاراوەی مەتاتێکست بۆ تێکستێکی ئەدەبی یا زمانەوانی – بەپێی زانیاری توێژەر -لە نووسینی کوردیدا کاری لە سەر نەکراوە.
2.وتارەدراما وەك ژانرێك کاری لە سەر نەکراوە , نزیك لەم ژانرە عەزیزی مەلا رەشی دەقنووس زاراوەی وتارەچیرێکی بۆ دەقێکی خۆی بەکارهێناوە , بەڵام دەقناسەکانی وەك رزگار لوتفی و صابیر رەشید و د.فوئاد رەشید بە ژانری تریان داناوە.
3. ناکرێ ئەدەبیبوون هەر لە روانگەی زمانەوانی یا شەکانیەتی دەق مامەڵەی لەگەڵ بکرێ , بەڵکو کۆنتێکست و پراگماتیکی مەعریفی یا ئیدراکی دەوریان هەیە لە خوێقاندنی فەزای ئەدەبیبوونی دەق .

سەلام ناوخۆش \ مامۆستای زانکۆ

داکۆکی لە ڕۆمانەووس یان (چی ئێقوومێ کێ کەس ئیتر چیرۆك نەگێڕێتەوە؟)* … کاوان محەمەد پوور

«موزلمان» (Musselman یا Muselmann) دەستەواژەیەك بوو لە زیندانەکانی نازی بۆ کەسێك دەکوترا کە لە ترسان و برسان و بە هۆی

ئەشکەنجەی زۆرەوە، هەر چەشنە ئاگاهی و هەستیارییەک کە نیشانەی شوناسی مرۆڤ بێت لە دڕووندا نەمابوو و هیچ هەست و ئامانج و هەڵوەستەکیان لەمەڕ ژیانەوە بە خۆش و ناخۆشیەوە نەبوو. ئەوانە کەسانێک بوون کە ڕووبەڕووی دژوارترین ئەشکەنجەکانی سەربازانی نازی دەبوونەوە و تەنانەت لە بەرامبەر ئەشکەنجەشدا هەوڵ و خواستەکیان بە دەربازبوون-چ بە هات و هاوار یان بە ڕاکردن-نەبوو.

مەڕۆڤکی دامادەراو لە هەر چەشنە شوناسەکی مرۆیی. واتە موزلمان پێش مەرگی بایەلۆژیکی توشی مەرگێکی نمادین ببوونەوە. پریمولوی لە بیرەوەریەکانی خۆی لە ئەردوگای ئاشوویتس لە بارەی گەنجەکەوە بە ناوی (018) دەنووسێت: "من وەها بیردەکەمەوە کە تەنانەت ناوی خۆشی لە بیر چەتەوە، بگومان ئەو هەر وەها ئەنوەنەت".(١) موزلمان بەهەی بەسەرهاتە تاڵ و قیزەونەکانی ناو ئەردوگای ئاشوویتس هەستی مرۆڤ بوون و توانستەکانی مرۆڤیان لە سەابەوە. لای ئاگامبەن، موزلمان وەنای تەواوکەی مرۆڤی دیلکراو لە لۆژیکی ئەردوگایە، نە دەتوانن بمرن-مەرگی بایەلۆژیکی- نە دەتوانن قسە بکەن، نە دەتوانن مان بگرن، نە دەتوانن ئەمدوار بن، تەنیا لە ژێر فەرمانی حاکم ئەتوانن ژیان بکەن، ژیانێکی دامادەراو لە هەر چەشن یاسا و ڕسایەک بە پشتگیری لە پەگەی ئاسایی مرۆڤ.

(٢) ئەوەی کە موزلمان چ ئەزموونکیان لە ئەردوگا هەبووە تەنیا لە بەشەک لە بیرەوەریەکانی پریمولوی و جەرج سمیرین دەردەکەوێت کە بە گوێرەی ئەوان، ئەم بیرەوەرییە تەنیا بەشکی زۆر کەم و بچکۆلە لە چەرمەسەرییەکانی ئەو مرۆڤانەیە. هەی ئاگادار نەبووبی تەواوکە – یان زیاتری- ئەمە لەو چەشنە مرۆڤە!!، و پەرنگرافی مەرگ لە ئەردوگاکانی ئاشوویتس، دگەڕێتەوە سەر دوو لایەن. یەکم، بەشکی زۆر لە موزلمانکان لە ئاگردانکانی ئاشوویتس سووتان و ئیتر هەر بوونیان نەبوو تا بەسەرهاتکانیان "بگێڕنەوە"- جا بەهەر چەشنک لە گێڕانەوە بێت!- ، دووهەم، ئەو بەشەی کە زیندوو مانەوە ئیتر نەیان دەتوانی "بگێڕنەوە"!، لە واقیع دا تووشی وەستانی زەمەن لە کاتی ئاشوویتس هات بوون و توانستی دەربازی لەم زەمەنەیان نەبوو، بە شێوەی سایکۆلۆژیکی لە دەخکی ناوازە لە زەمەن-ترسی کارەسات- کەوت بوونەوە. لەم دەخدا توانستی زمان لەسەر ئاخافتنی ئاسایی لەمەڕ بیرەوەری سەقەت دەبێت، کە واتە تووشی چەشنک لە "لاەی" و "بەزمان" هاتبوون.(٣) ئەم دەخە- وەستانی مشک لە کاتی کارەسات دا- توانستی گێڕانەوەی کارەساتی لەو چەشنە مرۆڤی هەستاندبوو!.

"نەگبەتانەوە"ی مووزلمان فەرامۆشی یان هیچ نەبێت کەمترین بیرەوەری بە نەوەی داهاتووی خۆی پێیە. ئەگەر ئەم بیرەوەرییانە گرینگ بن، وەها پاساوێک لەسەر گێڕانەوە ئەتوانین بنێینەوە کە لە تاوتوێ کردنی دەستەواژەی "گێڕانەوە" (Narration)، بەم دەرئەنجامە دەگەین کە ریشە و بنەماکەی دەگاتەوە سەر وشەی (Narrara) لە لاتین و (Gnarus)ی یۆنانی کە بە مانای "زانست" و "ناسین" دێت کە ڕیشەی هێندەو ئەروپایی (gnos)ی هەیە. بەم پێیە گێڕانەوە، دەبێتە "دەزینەوەی زانست"، ئەرستووش لە بووتیقادا هەر بەم مانایەی گرتووە.

بەم پێیە گێڕانەوە، "زانست لەسەر رووداو و بەسەرهاتێکی تایبەتە"،(٤) زانست لەسەر رووداو، لە ڕووی مانەوە و ئەزموونی داهاتووی رووداوە کە بە مەرەق گرینگ ئەنوێنرێت. بە چەشنێک گێڕانەوە، هەوڵدان بە هەرمان بوونەوەیە، چون لە گێڕانەوەدایە کە شەوازێک لە رووداو و بەسەرهاتێکان خۆ ئەنوێنن و لە کەسکەوە بە کەسکەیتر هەناردە دەکرێن. مەتافەری "شەهرزاد" لە کتێبەتی حەقایەتکانی "هەزارو یەک شەو"، باس لە هەوڵی شەهرزاد بە زیندووماندنەوەی نکووژرانی ئەو لەلایەن پاشاوە دەکات، ئەم هەوڵەی شەهرزاد لە "گێڕانەوەی چیرۆک" بە پاشا خۆ دەنوێنێت. شەهرزاد هەر شەو بە زیندومانەوەی چیرۆکێک بە پاشا ئەگەێنێتەوە، بەم شەوە پاشای تامەزرۆی بیستن دەکات بە شەوکەی تر. کە واتە تەنیا بە گێڕانەوەیە کە دەتوانێت زیندوو بمێنێت، بە شەوەی مەتافەر، "نەگبەتانەوە" فەرامۆشیە و فەرامۆشیش چەشنێک لە مەرگە.

بەگومان بەسەرهاتی مووزلمان، چیرۆکەکی چەژ بەخش نییە و هیچکات بەتەواوی ناگەدرێتەوە- زمانی گێڕانەوە لەمە کارەسات تووشی قەیران دەبێت-، بەڵام ئەم بیرەوەریەی پریمولەوی و دەیان بیرەوەریتر لە بەسەرهاتکان، گرینگی "گێڕانەوە" لە سووچگەلی جیاوازەوە دەردەخات.

ئەگەر هەنووکە و بە مرۆڤی ئاسایی!- هەبێت ئەگەر دەستەواژەی مرۆڤی ئاسایی دروست بێت- دەخی "بە تابشتی لەمە گێڕانەوە"(٥)، ڕووبدات یان ئەگەر زەر بە ئاسانی جارێکیتر پرسیارکەی مارتین مەکئیلان بهەژنێنن و خەمان بەرەووی ئەم بکەینەوە (کە چی ئەقەومێت کە ئیتر چیرۆک نەوترێتەوە یا نەنووسرێتەوە؟!(٦)، بڵاستی جیهانی مرۆڤ چی بەسەر دێت؟، ئایا ئایدیا و هەستکانی تووشی قەیران دەبێتەوە؟ ئایا مرۆڤ هەوە بە دەزینەوەی چیرۆکی نوێ دەدات؟ یان واز لە چیرۆک دەنێت و کۆتایی بە بیرەوەری و

ئایدیاکانی خۆی دەنێت؟. بەڵام ئەو بارت تەنانەت بیرکردنەوە لەم پرسیارە و یان خود وازهێنان لە چیرۆکیش -ئایدیای چیرۆک- خۆی چەشنێک لە (گۆڕانەوەیە):"گۆڕانەوە لەسەرانسەری ژیانی مرۆڤ دایە، گۆڕانەوە خۆی ژیانە"(٧).

یەکەمین فەرزی گۆڕانەوەناسەکان لەسەر گشتی و بەردەوام بوونی گۆڕانەوەیە، واتە ئەوەی کە گۆڕانەوە بەرساختەکی زمانییە و مرۆڤ بەردەوام لە زمان دایە. پرسیارەکەی مەکئیلان دووهەمین فەرزی گۆڕانەوەناسەکانیش- کە" جیهانی ئەمە پڕە لە چیرۆک"- بە چەشنێک تووشی مەترسی دەکاتەوە. بەڵای گۆڕانەوەناسەکان مرۆڤ بەردەوام چیرۆک دەهێنێتەوە یان بە زمانێکی گۆڕانەوەناسانە خودی ئایدیای چیرۆک (story)، هەمیشە لە زەینی مرۆڤ دایە. بۆگومان بە وەامدانەوەی مەکئیلان دەبێت سەرەتا وەک هەموو پرسیارەکیتر پاساوەک بە گرینگی پرسیار (کە لێرەدا لە ناوچوونی هەمیشەیی چیرۆکە) بهێنینەوە و دووا تر واتای گۆڕانەوە و چیرۆک تاوتوێ بکەین تا گرینگی ئەم باسمان بۆ دەرکەوێت یان دەرفەتێک بۆ وەامەکەی بدەزینەوە.

پاساوی من بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسیارە، گرینگی گۆڕانەوەی چیرۆکە. بۆ شیکردنەوەی مەبەستەکم ئاوە لە چەن هوانگەی تایبەت بە چیرۆک ئەدەمەوە کە تا ئادیەک بابەتەکە بەبەاوتر دەکاتەوە. کەندرا لە کتێبی (هونەری ڕەمان)دا دەڵێت: «باوکی ئەندێشەی مەدڕن تەنیا دیکارت نییە بەڵکوو سەروانتەسیش»(٨). بۆ ئای کەندرا سەروانتەس وەک یەکەمین ڕەمان نووس، شێوازێکی نوێی لە (گۆڕانەوەی ئەم جیهانە)ی بە ئەمە خولقاند، ئەم شێوازە نوێیە "هوانگەیەکی نوێ" و "شێوەوانینی نوێ" و لە ئەنجامدا "جیهانێکی نوێ" یان باشترە بڵێین بەشێکی نوێی لە جیهان بە مرۆڤ دەرئەخات. گۆڕانەوەی نوێ، بەرهەمهێنەری زانستی نوێش، سیمەر چەتمەن لە کتێبی (چیرۆک و گوتار)دا، ئاماژە بە وتاری ژان پیاژە لەسەر پێکهاتە دەکات و بەم ئەنجامە دەگات کە بەڵای پیاژە «گۆڕانەوەی نوێ و شێوە هوانینی نوێ بە جیهان، زانستی نوێ بەرهەم دەنێت، گشت پێکهاتەکانی زانستمرۆیەکان -مرۆڤ ناسیی، فەلسەفە، دەروونناسیی، زمانناسیی و… هتد- لەسەر سێ چەمکی کوولییەت، ئاڵۆگۆڕی شێواز و بە نیزام کردن، پێک هاتوون.»(٩).

هەر بە پێی ئەم هوانگەیە دەتوانین ڕەمان – گۆڕانەوەی چیرۆک- وەک زانستێکی نوێ پێناسە بکەین. شێوە هوانینی نوێ بە چەشنێک ئاشکرا کردنی داپشراوەکانی جیهانی مرۆڤ، هەر سووچێک لە هوانین بە

گومان نەوانین لە دیان سووچی تر، بەام لەژیکی چیرک، حەول بە ەوانین لە زەرینەی شەو ەوانینکانە. میخایل باختین ئەم تایبەتمەندییەی چیرک- هەبەت لەردا مەبەستی باختین نەمانە نە شەوکانیتری گەانەو وکوو کورتە چیرک. حەقایەت، چیرکی مینیمال و...- وک دەرکی چەمکی دەمکراسی پەناسە دکات و کەمگایەک کە هەگری ژانری نەمانە بە کەمگایەک دەزانە کە مشکی مرۆڤکانی توانستی دەرکی دەمکراسییان هەیە(۱۰)، کاراکترگەلی نەمان، جیهانە جیاوازکانی مرۆڤ نیشان دەدەن، مرۆڤگەلک کە هەر کام مجالی جیاواز ژیان و ەوانگەی جیاوازیان هەیە و هاوتەریب لەگەە ئەم جیاوازییە، دژوازی و لەمپەە و کەشەی ژیان ئاشکرا دەکەن.

ریچارد رووورتی لە وتاری (هایدیگەر و کوندرا و دیکەنز)دا پرسیارک دەنەتە ئاراوە کە وەامەکەی هەوە بە بجەستەکردنەوەی پگەی گەانەوەی نەمان لەمە جیهان و مژووی فەلسەفەیە. لەو وتاردا رووورتی داوا لە ئەمە دکات بیر لە جیهانک بکەینەوە کە هەرچی ئاسەوار و دەستکەوتی مرۆڤ کە لە جیهانی رۆژئاوا دایە، لە کارەساتکدا لە ناو ئەچەت و هیچ نامەنتەوە، جیا لە بەرهەمکانی چارز دیکەنز وک نەمان نووس و هایدیگەر وک فیلەسووف. دووواتر رووورتی پرسیارکەی بەروەرووی وەها جیهانکی خاپوورکراو دکاتەوە، ئەو دەپرسەت: بەرهەمی کام یەک لەوە دووانە بە داهاتوو دەەت- رۆژئاوا- چ دەستکەوتگەلکی هەبووە؟ چ مژووییکیان ەابواردوە؟ و مرۆڤکانی چلەنیان بیرکردەتەوە؟. رووورتی لە وەامی ئەو پرسیاردا بەرهەمکانی دیکەنز هەدبژەرەت و ئاماژە ئەکات: (جیهانی دیکەنزە بە داهاتووان دەەت ئەمە چ دەستکەوتکمان هەبووە، چلەن بووین و چیمان کردووە، دیکەنز بە خولقاندنی کاراکترگەلی جیاواز، جیهانکی سیروسەمەری لە مرۆقی جیاواز و تاک بە ئەمە پەک هەناوە، بە گومان جیهانی فەلسەفە- وک مژووییفەلسەفە- توانای خولقاندنی ئەم جیهانگەلی نییە)(۱۱).

ئەستا ئەگەر وک گەانەوەناسکان،(فەرمالیست و پەکهاتەخوازو پاشپەکهاتەخواز)گەانەوەی چیرک لە گەانەوەکانیتر جیا بکەینەوە، تا ادەیک لە مترسی و دژواری پرسیارکەی مکەئیلان کەم ئەکەینەوە. ئەم بەچوونە لە رەەان بارت وەردەگرین کە لە وتاری(پشکیینک لەسەر شی کردنەوەی پکهاتەی گەانەوە)دا، شەوازگەلی بژومار بە گەانەوە پەناسە دکات. بارت لەم وتاردا شەوازگەلی گەانەوە بە ادەی شەوە ەوانینکانی مرۆڤ بەئژمار دەزانەت و

گشت ئاکارەکانی مرۆڤ هەر لە وتووێژ ەا تا دەگاتە وێنەکێشان و پەیکەرسازی بە چەشنێک لە گشتاندا پێناسە دەکات. ئەو تێنیا چێنیەتیی دەربڕینی ئەم گشتاندانەی پێ جیاوازە، بە نموونە گشتاندنەوەی چیرۆکنووس- باسی تایبەتی فۆرمالیستە رووسەکان و پێکهاتەخوازانی فەرەنسی- لە گشتاندنەوەی وێنەکێش جیاوازە، بەڵام هەر دووک گشتاندنەوێن. واتە لە گشتاندنەوەدا (شێوەی نواندن) هەیە، یەک شێوە نواندن لە مەدیادا خۆی نیشان ئەدات و شێوەکیتر لە وێنە یان لە دەقدا.

لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازەکانەوە گشتاندنەوە هەمیشە هەیە(١٢)، بەڵام گشتاندنەوەی چیرۆک چی؟ ئایا چیرۆکیش هەمیشە هەیە؟ یان سەردەمانێک دێت کە بەکەتایی دەگات؟. ئەگەر دیسانەوە بڕوانینە پرسیارەکەی مەکئیلان سەبارەت بە لێناوچوونی چیرۆک لەمەڕ گشتاندنەوە ببینەوە چی؟ و ئایا گشتاندنەوەی چیرۆک چ گرینگییەکی هەمبەر بە شێوەکانیتری گشتاندنەوە هەیە؟. ئەگەر رووڕتی وەامی ئەو پرسیارەی دابایەوە، دەنگە بیگوتبایە: جیهانی چیرۆک، جیهانی جیاوازیکانە، جیهانێک کە گرینگی بە تاک دەدا، هەر بەو جۆرەی کە هەیە، یا بەو شێوەیەی کە خۆی لە وتاری ((هایدیگەرو کوندرا و دیکینز)، باس دەکات: "جیاوازی کەسایەتییەکی وەکوو دیکێنز، رابلێ و سەروانتێس لەگەڵ وەتر و مارکس لە شێوە ڕوانینی ئەوان بە چەمکی مەرالەتییە. دیکێنز، رابلێ و سەروانتێس وەها بیر دەکەنەوە کە (گوناح)، دەرئەنجامی نەزانی مرۆڤ نەوەکوو پێستی و لەجاجەت، بەڵام وەتر و مارکس گوناح جیاواز لە نەزانی مرۆڤ، بە دەرئەنجامی خواستێکی لاواز لەمەڕ پاکی و خواستێکی بەهێز لەمەڕ ناپاکیش دەزانن". رووڕتی لە درێژدا گرینگی ڕمانناووس لە وێناکردنی کردارە ورد و نادیارەکانی مرۆڤدا دەبینێت و مێژووی فەلسەفە لەم کارکردەدا بە ناکارامە لە قەڵەم ئەدات.

میلان کێندرا لێژیکی ڕمان جیاواز لە لێژیکی فەلسەفە دەزانێت و لە کتێبی " هونەری ڕمان" دا دەڵێت: "ڕمان خولقاوی ڕەحی نەزەری نییە، بەڵکوو خولقاوی ڕەحی تەنز (satire) ، هونەرێک کە لە پێکهێنانی خوداکانەوە سەرچاوەی گرتووە، خزمەتی ئایدەلێژییە دوگمەکان ناکات، بەڵکوو ئاوقایان دەبڕتەوە، ڕمان هەموو شێوە حەریری هەنیراوی فێلسووف و زانایان و ئەندێشمەندان وەک پێنەڵەپە هەڵدەوشێنێتەوە". کێندرا ڕوانینی ڕمان نووس بە ژیان و کێشەگەلی مرۆڤ لەسەر- گشتاندنەوە و شانس و ئیقبال- پێناسە دەکات و ەای وایە دەبە ببڕتە جێنشینی شێوە ڕوانینی فێلسووفەکان کە -

عەقڵانییەت و دیالکتیک و تەقدیر-.

بۆچی لەمڕۆ گۆرانیوێژی چیرۆک خودی چەمکی "گۆرانیوێژ" بێ چ مانایەک؟ ئەگەر وەک سیمەرن چەتمەن کە لە هوانگەی پیاژەوە دەڵێت: جیاوازی زانستە مرۆییەکان، جیاوازی لە گۆرانیوێژ دایەوە و بۆ ئەی کێندرا و روورتسی گۆرانیوێژی چیرۆک بەرزەجەترین گۆرانیوێژیە بە نیسبەتی تەنانەت فۆلسفەش، ئەم گۆرانیوێژیە چییە؟ پێکهاتەی چییە و چۆن ئەتوانیین بیناسین؟. چیرۆک دەتوانێت ئایدیای رووداو یان بەسەرهاتەکان بێت لە زەینی مرۆڤ دا، بە ئاوەژوی بگۆڕێتەوە و یا بەردەنگی هەبێت.
بۆچی هەرکە لە پێش وشەی چیرۆک، گۆرانیوێژ وترا بە مانای هەبوونی بەردەنگ و پێکهاتەیەکی تایبەت لەسەر سیستەمی چەنییەتی گۆرانیوێژیە و هەروەها ماناگرتوو لە گوتارێکی تایبەت دایە.
لە مێژووی گۆرانیوێناسیی چیرۆک، دوو چەمکی (گریمانەی گۆرانیوێژ و گۆرانیوێناسیی) لەیەک جیا دەکەنەوە،- هەڵبەت ئەم جیاوازییە بە مانای دوو کارکردی جیا لەیەک نین-، گریمانەی گۆرانیوێژ، پێناسەی گشتی سیستەمی گۆرانیوێژیە- هەر گۆرانیوێژیەک گۆشەنیگا، گۆڕەوە، کاراکتەر و رووداوی تایبەتی تێدایە کە لە زەمەن و شوێنی تایبەت روو ئەدات-، بەڵام گۆرانیوێناسیی شیکاری و تاوتوێی گۆرانیوێکانە(١٣)- بە نموونە ئاگەر سیستەمی گۆرانیوێژ (گۆشەنیگا، گۆڕەوە، کاراکتەر، رووداو و …هتد) لەسەر بنیاتی کوردی تاوتوێ بکەین کارێکی گۆرانیوێناسانەمان لەسەر بنیات کردووە-. هەڵبەت هەر وەک ئاماژەمان پێ کرد ئەم دوو چەمکە بەمانای جیاوازیان لەیەک نییە، ریمەن-کنان هەر دووکیان لە ژێر چەمکی گۆرانیوێناسیی پێناسە دەکات، کنان دەڵێت: (گۆرانیوێناسیی هەم شرۆڤەی سیستەمی سەقامگیر لەسەر گشت گۆرانیوێژی چیرۆکانە و هەمیش شێوازێک لە تاوتوێی دانەدانەی گۆرانیوێکان وەک نیزامێکی گشتی بە ئەمە دەدات)(١٤).

لە چەمکناسیی ئەدەبیدا، گۆرانیوێژ بەمانای دەقێک دێت کە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، تاوتوێی گۆرانیوێژ کە بە گۆرانیوێناسیی ناوی لە دەبردرێت یەکەم جار لەلایەن تێزێتان تێدۆرۆف لە کتێبی (ڕێساکانی دیکامێرۆن)(١٩٦٩) ناوی لێبردرا. تێدۆرۆف مەبەستی لەم وشە تاوتوێی سیستەمی سەپێندراو بەسەر گۆرانیوێژی چیرۆکگەلی دیکامێرۆن - نووسراوێی بۆکاچیوێیی ئیتاڵی- بوو. بەڵام یەکەم کەس کە ئەم زانستە بۆکار دێنێت ڤلادیمیر پراپە لە کتێبی (مۆرفۆلۆژی حەیایەتگێڵی پەریەکان)دا، کە تاوتوێی ساکاری گۆرانیوێناسانەی حەیایەتکانی فۆلکلۆری رووسی. کارەکەی پراپ کاریگەریەکی زۆری

لەسەر هوانگەی پێکهاتەخوازەکانی فەرانسی لە مێژە ئەدەبیاتەوە هەبوو. لە پاش ئەو گێڕانەوەناسەکانیتر شێوازی گێڕانەویان لە چیرۆکە مەدێرنەکان کە بەگومان پێکهاتەیەکی دژوارتریان بە نیسبەتی چیرۆکی فۆلک هەیە ئەنجام دا. ئەتوانین بنەمای ئەم زانستە بگێڕینەوە بە تاوتوێی چیرۆک لە بووتیقای ئەرستوودا، بەڵام ئەرستوو زیاتر شێوازێکی وەسفی لە گێڕانەوە ڕەچاو دەکا، زۆربەی پسپۆرانی گێڕانەوە لایەن گێڕانەوەناسە بەناوبانگەکان (پراپ، تەدۆرۆف، ژێرار ژنێ، ئاگریماس، سیمۆر چێتمەن، ریمۆن-کنان) بەم شێوەیە: «ئاماژەگەری لە دەخێکی سەقامگیر ئا بۆرەوە ناسەقامی و دیسانەکە گێڕانەوە بە سەقام».

بە پێی ئەو بۆچوونەی باسمان کرد بازنەی گێڕانەوە لە چیرۆک بەربڵاوترە. یان بە دەربڕینێکیتر، لە گێڕانەوەی چیرۆکدا-هەر وەک فۆرمالیستەکان ئاماژەیان پێکرد- یەکەم جار چیرۆک(Story) لە زەینی مرۆڤدا پێک دێت، لەوێدا مەبەست لە چیرۆک ئادیایی چیرۆکە، کە ڕووداوێکی تایبەتە لە زەمەن و شوێنی تایبەتدا. دووەم لە دارشتنی چیرۆکدا(Story) گێڕانەوە(Narration) یان خود سیستەمی گێڕانەوە، پێک دێت(١٥). کەواتە دەستپێکی گێڕانەوەی چیرۆک، بە چێشنێک کە تایی چیرۆکە، ئەم کەتاییە بەمانای بەسەرئەنجام گەیاندنی ئایدیای چیرۆکە. ئەگەر هوانگەی بارت سەبارەت بە بژومار بوونی جۆرەکانی گێڕانەوە پەسەند بکەین، ئەمجار چیمان هەیە کە پسپۆرێکی تایبەتمان لەمەڕ گێڕانەوە بداتێ؟.

واتە لە گشت جۆرینەکانی گێڕانەوە چ تایبەتمەندییەکی هاوپێت و هاومانا هەیە کە گێڕانەوەکان پێکەوە گرێ ئەدات؟. کلێد بەرمون، ئەو تەخمە هاوپێتە لە ناو بژمار گێڕانەوەکان دا "چیرۆک" دەزانێت. ئەو دەڵێت:« بابەتی چیرۆک ئەتوانێ بنەما و دەستمایەی سەمای باڵێ یان شانۆ یان فیلمێکی سینەمایی بێت، ئەتوانین فیلمێکی تایبەت بە کەسێک کە نایبینێوە بگێڕینەوە، ئەمە وشەکان ئەخوێنینەوە. وێنەکان ئەبینین و هاڤێی ئیماژ و نیشانەکان دەکەین، بەڵام بەهەی وشەکان و وێنەکان و ئیماژەکان، بەشوێن چیرۆک دەکەوین و چیرۆکە کە هەمیشە بوونی هەیە»(١٦). بە چێشنێکیتر گێڕانەوە خاوەنی مانایەکی چەند لایەن و چەند ڕەهەندە، بەڵام گشت ڕەهەندەکانی خوێندنەوەی بەسەرهات یان ڕووداو یان مانایەکی دەروونییە، ئەم ڕووداوە کاتێک لە هەوێنی چیرۆکێک دایە ،"گێڕانەوەیە". چیرۆک دەتوانێک بیرەوەری تاکی یان بیرەوەری نەتەوەیی بێت، بە نموونە "بەیت"بژ، یان کەسێک کە"سیاچەمانە"

دەخوێنێت ئەگەر لە هەوڵی حەقایەت بڕیشدا نەبێت دیسانەکە بە ئەمەی کورد، بەم هەیەی کە پەیوەندی لەگەڵ ڕاحی نەتەوەیی هەیە، لە هەمان کاتدا کە گوێ بیستی دەبین، لەگەڵ مێژوویەکی زێینی یەکمان دەخاتەوە، بەیە دەتوانێت وەک گێڕانەوە بێتە ئەژمار، کە واتە هەمیشە گێڕانەوە هەڵگری ڕواڵەتێک لە چیرۆک یان باشتر وایە بڵێین (ئایدیایی چیرۆکە).

ئەگەر لە کەتاییدا دیسانەوە پرسیارەکەی مەکەئیان لە خەمان بپرسینەوە، بە پێی ڕوانگەی گێڕانەوەناسیی، تا مڕۆ هەبێت "نواندنی زمان" هەیە و تا زمان هەبێت "نواندنی گێڕانەوە" هەیە و لە گێڕانەوەشدا تەخمە هاوپێتەکەی "چیرۆکە". کە واتە مڕۆ بەردەوام لە ناو گێڕانەوەی چیرۆکدا ئەتلەتەوە، ئەم چیرۆکە لە ئیماژ و نیشانە بگرە تا دەگاتە وێنە و هەڵسووکەوت دەنێتەوە بازنەی خەی. ئەم گێڕانەوەی چیرۆکە، بە هەر چەشنێک دەتوانێت خەی بنەوێنێت. بەگومان تاوتوێی گێڕانەوەی چیرۆک، بەم شێوەیەی کە سیستەمی تایبەتی گێڕانەوەی چیرۆکی لەسەر بێت- مەبەست لەم نیزامی گێڕانەوەیە وەک گەشنیگا، گێڕەوە و ڕووداوە کە لە زەمەن و شوێنی تایبەت لە لایەن کاراکتەرەوە ڕوو ئەدات- تاوتوێی گێڕانەوەناسیی تایبەتی پێویستە، تا ئەو گێڕانەوەیەی کە مانایەکیمان بە تاکەکەسی دەبەخشێت وەکوو مەسیقا یان وێنەیەکی تایبەت. هەبەت زانستی ئێستای گێڕانەوەناسیی تایبەتمەندی تریش لە سیستەم و شێوازی گێڕانەوە پێناسە دەکات، وەکوو دەستەواژەی "بیسەری گێڕانەوە" (Narratee)، یا ناوەندی کردنەوە (Focalization) کە باس لە شێوەی فامی کاراکتەرکانی چیرۆک دەکات،

تاوتوێی گێڕانەوە تا مڕۆ هەبێت بەردەوامە، مرۆڤیش بەپێی مێژوو و ئەزموونکانی بەردەوام لە ئاڵوگۆڕ دایە و هەر بەیە شێوگێڕانەوەی سەردەم (ئەمان، چیرۆک) لەگەڵ شێوگێڕانەوەی پێشوو (حەقایەت) جیاوازی هەیە. بەپێی بەگەی توێژینەوەی گێڕانەوەناسکان حەقایەتە کۆنکانی هەر نەتەوەیەک ئەتوانێت شێوەیکی تایبەتی لە گێڕانەوە و مەدەنی گێڕانەوەیی لەگەڵ خەی پە بێت، واتە گێڕانەوەناسیی تایبەتی خەیان لەسەر سیستەمی گێڕانەوە هەبێت. ئەویش شێوانینی تایبەت تا دەگاتە مەدەلکی تایبەتی گێڕانەوە لەبەر دەگرێت. هەر ئەم شێوە توێژینەوەیە بەشکی زەر لە لایەنە نادیارەکانی بە نموونە بیەتی یان چیرۆکی کوردی بە ئەمە دەردەخات. ئەویش شێوازی گێڕانەوەی کوردە کە لە چەنیەتی وەسفی ڕووداوەکان ئا بگرە تا دەگاتە بەرجەستەکردنەوە چەشنێک لە ئاکار و هەڵسووکەوتکان.

ئەگەر دیسانەوە "موزلمان" لە ئەردوگاکانی ئاشوویتس بنینەوە یادمان، یان دەیان بەسەرهات و رووداو کە ئەمە لەیان بەخەبەرین، ئەو مەترسیەمان لەمە نەگەیانەوە بە دەردەخات. هەبەت چیرۆک دەتوانە گەیانەوەی رووداوێکی ڕاستەقینە بێت بە زمانی چیرۆک، کەواتە پەروەردەکردنی ئەندێشەی گەیانەوەی خەمان، لە ڕاستیدا هەوڵێکە بۆ سازدانی جیهانێکی نوێ و هەرمان و تەنانەت دەنگ دەربڕینێکی نوێیە. یان وەک کەندرا دەڵێت: «تەنیا لە ڕەمان دایە کە کێشە تاکە کەسییەکانی مرۆڤ خۆ دەنوێنێت» و«ڕەمان نووس تەنیا پێناسەی، ئاگایی لەسەر رووداو و هەڵسووکەوتکانی چیرۆکە». هەرمان بوونی مرۆڤ، لە بەردەوامی گەیانەوە و سازدانی چیرۆکی نوێیە. نەبوونی ئەم هەست و هەوڵە لە پانتای نێوەدا بەربەاوتر و هەبەت مەترسیدارتر دەبێتەوە، ئەو کات بەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە: ئەگەر نێوەیەک توانستی "گەیانەوەی خۆی" نەبێت ئایا بوونی هەیە؟!".

سەرچاوە و پەراوێزکان:

*کورت کراوەی ئەم وتارە، یەکەم جا بە فارسی لە ڕۆژنامەی شەرقی تاران-روزنامه شرق-، ژمارەی ۲۹۷۵ (۱۰ مهر۱۳۹۶)، بەناوی (اگر داستانی روایت نشود، چه پیش می‌آید؟) بەاوکراوەتەوە.
۱. لوی ، پریمو. آیا این یک انسان است؟.. ترجمه: رویا طلوعی. کتابخانه علاالدین (www.aladdinlibrary.org)
۲. کیانپور، امیر. فلسفه در زندان وجدان: درباره یادداشت «جدال زندانی با زمان و وجدان». سایت (www.meidaan.com)
۳.کاتێک موریس بلانشە باس لە قەیرانی شارەمەندی جوولەکەکانی سەردەمی نازی دەکات، ئەم دەستەواژەی بەکار دەنێت. جوولەکەکان بە ئەوەی لە شەقام و کەانکاندا نەناسرێنەوە، قسەیان نەدەکرد، وەک ئەوەی (ها) بووبن.
٤.ریمون-کنان، شلومیت ، روایت داستانی، بوطیقای معاصر، ترجمه البوفضل حری، تهران، نیلوفر. (۱۳۸۷)
۵.مەبەست نەتوانین لەمە گەیانەوەدایە، بەهەی کەشەی سایکەلۆژیک یان ترسی سیاسی-کەمەایەتی، هەز و هەوەی گەیانەوە بزر دەبێت.
٦.مکوئیلان،مارتین ، گزیده مقالات روایت شناسی (مقاله معماهای نوشتار:روایت و ذهنیت)، ترجمه: فتاح محمدی، تهران، چاپ دوم، مینو خرد،(۱۳۹۵)
۷.بارت، رولان، درآمدی بر تحلیل ساختار روایت ها، ترجمه: محمد

راغب، تهران، چاپ اول، فرهنگ صبا.(۱۳۸۷)
۸.کوندرا،میلان ، هنر رمان، ترجمه: پرویز همایون پور، تهران، نشر قطره (۱۳۸۲)
۹.چتمن، سیمور. داستان و گفتمان، ترجمه: راضیه سادات میرخندان، تهران، مرکز پژوهشهای صدا و سیما، چاپ اول (۱۳۹۰)
۱۰.باختین، میخایل. تخیل مکالمه‌ای (جستارهای درباره‌ی رمان).ترجمه: رویا پورآذر، تهران، نشر نی، (۱۳۸۷)
۱۱.رورتی، ریچارد. مقاله : هایدگر و کوندرا و دیکنز، ترجمه: هاله لاجوردی، مجله ارغنون، شماره 1، (۱۳۷۳)
۱۲.دیوید هرمن و دیگران. دانشنامه‌ی نظریه‌های روایت، گردآوری و ترجمه: محمد راغب. تهران. نیلوفر. (۱۳۹٦)
۱۳.حری، ابوالفضل. مقاله: درآمدی بر رویکرد روایت‌شناختی به داستان روایی با نگاهی به رمان آیینه‌های دردار هوشنگ گلشیری. پژوهشهای زبان های خارجی (نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تبریز) پاییز و زمستان ۱۳۸۷
۱٤. ریمون-کنان، شلومیت (سەرچاوەی پێشوو)
۱۵. مکوئیلان،مارتین ،(سەرچاوەی پێشوو)
۱٦.برمون، کلود. پیش درآمدی بر بوطیقای روایت‌شناسی ساختارگرا، ترجمه: محبوبه خراسانی، نشریه: ادبیات داستانی، شماره ۷۹، اردیبهشت ۱۳۸۳

سەرچاوە: حەوتەنامەی سیروان. ژمارە 972

ئەردگان چاکەی شێخ مەحمود دەداتەوە … شوان ئەحمەد مەمەندی

مژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە بە چەندین ڕگەی جۆراو جۆر ئەم بۆچوونە زۆر ترگونجاوە بۆ گەلێکی زوڵم لێکراو ئەویش کوردە. بۆ هەر لایەکی مژووی کورد بروانیت ئەوا زۆر بە ووونی چەندین دیمەن و پێشهات ئامادەگییان هەیە کە سەرانی کورد لە زۆر کاتدا کەوتونەتە

ژێر کاریگەری بەڕێنی فریودان و سیاسەتی پەرتکەو زاڵ بەو هەژموونی ئاینی لە هەر یەك لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی.

شەری شوعەیبیە لە ساڵی 1915 وای لە شێخ مەحمود کرد کە خۆی و سوپایەکی 3000کەسی ڕوو لە باشوری عێراق بکات لە دوای دەرچوونی فتوای جیهادی عوسمانیەکان دەرهەق بە وڵاتانی هاوپەیمانی جەنگی یەکەمی جیهانی، کە عێراقیش ڕاستەو خۆ گرێدرابوو بە عوسمانیەکان.

ئەوەی شێخ مەحمودی ڕاکێشایە نێو ئەم جەنگەوە، بە پلەی یەکەم هۆکاری ئاینی و ساویلکەیی شێخ بوو لە بەرانبەر بەڕێنی درێینی عوسمانیەکان، کە دواتر بە شکستی شێخ و عوسمانیەکان بە کۆتا ئەگات سەرەڕای ئەو یارمەتی دانەش، بەرلە کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیی, فرمانی لە سێدارەدانیشی بۆ دەردەکرێت لەلایەن عوسمانییەکانەوە.

لە سەدەی 21یەکیشدا سەرکردیەکی بەناو موسڵمانی ئیخوانی (ئەردۆگان) کە خۆی بە خەونی گەڕانەوەی خەلیفەی موسڵمانان ئەزانێت، کە زۆرینەی ڕەهای ئیخوانیە فاشیزمەکان بە هەمان بیرکە مشکیان تەندراوە، ئەردۆگان ماوەی 21ڕۆژە بە هێرش کردنە سەر شاری عەفرینی بەرخودان، بە هاوئاهەنگی پاشماوەی چەتەکانی داعش و بەرەی بەناو ئۆپۆزسیۆنی سوری کە حەیایی ئۆپۆزسیۆنیشیان بردوە تۆ لەلایەك بەنیازی لە ناو بردنی بەشارئەسەد بیت لەلایەکی تریشەوە هاوکاری ولاتێکی داگیر کەر بکەیت بۆ لێدانی کورد هاوژیانی دێرینی هەزاران ساڵەی خۆت، ئەردۆگان ستەم لە گەلێك ئەکات کە زیانی بۆ هیچ گەلێك نەبووە جگە لە خۆی، بە بیانوی پاراستنی سنوری خۆی وا ئەزانێت بە کوشتنی خەڵکی سڤیل شکۆ بۆ ولاتێکی دیکە او لە هاوکێشەکانی ناوچەکە زیاتر کێشەی سوریاو جیهانی ئیسلامی سونەو ئەندام بوونی لە یەکێتی ئەوروپا ئەگەڕێنتەوە، بەڵام ئەم هێرشەی زیاتر ڕووی ڕاستەقینەی یەکێتی ئەوروپاو نەتەوەیەکگرتووەکان و ولاتانی بە ناو جیهانی ئیسلامی جگە لە کێماری سێدارە کە دووجار داوای ڕگرتنی هێرشی بۆ سەر عەفرین کردووە، بەڵام ئەم سەردانەی دوایی سەرکی ئەرکانی تورکیا بۆ ئێران تەواینی ئێرانیشی خستەوە سەر بارە ڕاستەقینەکەی خۆی.

مژووە شومەکەی ئێردوگان لە کاتی ئێستادا تەنها ئامانجی داگیر کردنی خاکی عەفرین نییە بەکو ئامانجی گرینی دیمۆگرافیایی ناوچەکە هاوشێوەی کەمال ئەتاتورك، ناوچەکە لە کوردبوون و پێکهاتەکانی تریش بسرێتەوە، هەروەها شارەکە چوارەمین شارە لە

جیهاندا له بەرهەم هێنانی زەیتون، چونکە ئەمانە چاویان بە گەشەکردنی کورد هەڕ ناهێت کە هەوڵی خۆ بەدەستهێنانی بدات، چونکە لە بنەڕەتدا سەرکردە ناسیۆنالیزمەکانی تورك ڕەگەزی کورد بە تورکی چیایی و چەندین ناوی نەخوازراوی تریش هەژمار ئەکەن ئینجا دانیشتوانی کورد لە سنورەکانی خۆیان بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەی خۆیان لە قەڵەم ئەدەن، کە تەنها خۆیان و هەندێك وڵاتی نادیموکراسی کەبەهایی مرۆڤایەتیان بەلاوە گرنگ نیە چەواشە ئەکەن، ئەم بەرخۆدانەی عەفرین شکۆی گەلی کوردو خەڵکی چەوساوەی نەك تەنها لە سوریا بەڵکو لە هەش هەڵاتی ناوینیش بەرزکردۆتەوە.

مەبەستی پاپا لەم کاتەدا لە بڕخشینی خەتاتی ئاشتی بۆ سوڕیستان چی یە..؟ ... موزەفەر عەبدوڵا

لە ڕووسمەکی فەرمی پاپایی دا لە فاتیگان خەتاتی ئاشتی ئایینی مەسیحی – کاسۆلیکی لە لایەن پاپا بەندیکتۆ، بۆ ئامادەبونی کەمەك قەشە بڕخشرا بۆ سوڕیستان ئوردوگانی ئیسلامی کە یەکێك لە گەورەترین ئینسانیکوژەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بڕخشینی ئەم خەباتەش هەفتەیەك لەمەوبەر بوە هەواڵی گەرمی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئاستی جیهان و، هاوکات جێگای پرسو ڕای چاودێران . هەروەها بوە هۆی بەرزبونەوەی دەنگی نارەزایەتی ملیۆنی خەڵك بۆ تایبەت لە تەڵەکانی پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکان و دەنگی دایەوە.وە بوە مایەی پرسیار کە ئاخۆ مەبەستی پاپا لە بڕخشینی ئەم خەباتە لەم کاتەدا چی یە کە ڕای گشتی هەمو دونیا شایەدی تاوانەکانی ئەم بەناو ئاشتیخوازە ئیسلامی یانە .بۆ تایبەتی لە هیرشی ئاسمانی و زەمینی و بەکار هێنانی چەکی کۆکوژ دژی خەڵکی عەفرینی خۆراگر؟!

جا بۆ ئەوەی مەبەستە شاراوەکەی پشتی بڕخشینی ئەم خەڵاتی ئاشتی یە

کەمەک هەوڵتر کەیناوە وا پیویست دەکات پێنا بەرینە بەر بەراوردکردنی ئەزمونو تاقیکردنەوە میژویی یەکانی هابردوو لەگەڵ ئەم هەوداوانەی ئەمڕۆ.
لە جەنگی جیهانی دووەمدا کە هیتلر دیارترین هابرانی ئەم جەنگە ئیمپریالی یە پێ لە تاوانکاری یە بو بە زیاتر دەسبەسەراگرتنی هەمو جیهان و بەدەسهینانی زیاتری سەرمایەو سودو قازانجی ئابوری و سیاسی بە ئاشکرا بە ئارم و دروشمی ئایینی مەسیحیو دژایەتی جولانەوەی کەمۆنیستی و کرێکاریەوە هاتە مەیدانەوە. هەبەت ئەو کاتە بە هاواڵت بیرو سیاستو دەسەڵاتی کەمۆنیستی لە دەوڵەتی سوڤیەتو هاوپەیمانکانی ، بە تایبەتی ئەروپای ڕۆژهەڵاتدا بەرجەستە ببونەوە.

هەر ئەو دەورانە هیتلەرو موسولینی بە ئەوەی زیاتر مەرکی ئایینی بە جەنگەکەیان ببەخشن لە دژی بەڕەی دووەمی جەنگەکە بە سەرکردایەتی یەکیتی سۆڤیەت هەمیشە پاپاو قەشەو، تەنانەت سەرانی ئیسلامی یەکانیان دەهێنایە پشتی خۆیان. دیدارو چاوپێکەوتنی ڕۆم و سەرانی جولانەوە ئیسلامی یەکان ،لەوانەی کە لە میژوودا ئاشکرایە ،دیداری شێخ حوسینی ئیمام و خەتیبی شاری قودس بو کە داوای لە هیتلەر کردبو زیاتر جینسایدی جولەکەکان بکات .

بەڵام ئەوبو خشبەختانە بەڕەی شەرخوازی هیتلەرو هاوپەیمانکانی ،کە تەواوی جولانەوەی ئایینی یەکان ، بە تایبەتی مەسحی و ئیسلامی یەکان لە پشتی بون ،سەرنەکەوتن و بە کەتایی هاتنی دەسەڵاتی زەریان شکێی دووەمی جیهانی کەتایی هات.

بەگومان هەکاری شکێی جیهانی یەکەمو دووەمیش بەهەمو خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیانەوە دەگەڕایەوە بە توش بونی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی بەهەردو بەرەکەیەوە بە قەیرانێکی قوڵی ئابوری. هەر بەیەش ئەو شکانە وەک پێویستی یەکی سەرمایەداری بە لەبەرچاگرتنی ئەو تەزەی دەڵت کە : شەر درێژ بونەوەی سیاسەتە بە شێوازی توندوتیژی ،و سیاسەتیش سەرخانی ئابوری یە.

جا بە پێنا بردن بە ئەم دەرسو تەجرەبانەی هابردوو بە هەشنکردنەوەی ناوەڕۆکی مەبەستە شاراوەکانی دەسەڵاتە ئیسلامی و قەومی یە فاشی یەکەی ئوردوگانی شکێخوازو ،هاوکات بە پیرەز کردنی شەرەکانی لە لایەن پاپاوە، ئەوەمان بە هوونتر دەبەتەوە کە چۆن هەمو دەسەڵاتە سەرمایەداری یە شەرانگێزەکان، بە تایبەت لە کاتی قەیرانە ئابوری و سیاسی و شەرەکانیان ،زیاتر لەهەر شتێک پێویستی

یان بە پەنا بردنە بە پاپشتی ئایینەکان پیاوە ئایینی یەکانیان.

ئەستاش کە دوای ڕوخانو و تەکشکانی خەلافەکەی داعش ،کە بەدیهێنانی خەونی دێرینەی ئوردوگان بوو، لەسەر دەستی خەڵکی خۆاگری کوبانی وهاوپشتی جیهانی بەیان، ئوردوگان دەستی داوەتە ئەم شێو هەرشە. وە بەهانەی ئەوەی کە خەڵکی کوبانی و کانتونەکانی تر تیرێریست و دژی ئیسلامین وهەمو پیرەزی یە دینی یەکانن، کە دیارە ئەمەش جگا باوەری پاپاو فاتیگانە ، ئەردوگان و سوپاکەی وەک پارێزەری ئاشتی و بەرگری لە سەوابتە ئائینی یەکان دادەنێن، بۆیەش خەباتی ئاشتی پە دەبەخشن.لە کاتێکدا چەندە یەکێتی سۆڤیەت و ووڵاتە هاوپەیمانەکانی تری، بە تایبەت لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات سۆسیالیستی وکومونسیت بون ئەوندەش دەسەاتی کانتونەکان کەمنسیتو سۆسیالیستن. بەڵام هەمومان چەندین جار گوێبیستی ئەوە بوینە کە ئەدوگانو سەرانی حزبو دەسەاتەکەی و تەنانەت هاوبیرە ئیسلامی یەکانیان لە ووڵاتانی تر تا دەگاتە هەرەمی کوردستانیش دەسەاتی کانتونەکان بە کەمنسیت و مولحد بون تەمەتبار دەکەنو خوازیاری ڕوخانین.

هەبەت هەمو ئەم شتەی لە ناو ووڵاتەکان و ناوچەکەو ململانێی زلهێزە ئیمپریالی یەکان دەگوزەرێت هەر وەک هەلومەرجی پێش جەنگی جیهانی یەکەمو دووەمو ئاکامی قێرانی قوڵی ئابوری سیستەمی سەرمایەداری یە. جا ئیتر هەر ڕۆژێک بەت ئەم شتە وململانێی ناوچەیی یانەش دەگوزەرێت بە جەنگەکی جیهانی وەک ئەوانەی پێشو .بەڵام بەگومانە ڕەشنکردنەوەی ناوەڕۆکی مەبەست و سیاسەتەکانی هەمو دەوڵەتو لایەنە دەرگیرەکانی ئەم ململانێ و هاوپەیمان و بەخشینی خەڵاتانە تا دەگاتە بەرگرتن بە هەمو ئەم شتەو کارەسات و ڕوخانی ئەم دەوڵەتو دەسەاتە دژی ئینسانی یانە ئەرکی جوانەوەی کرێکاری و کەمنسیتی و ئازادیخوازی وئینساندۆستی و ڕێکخراوەکانیانە لە ئاستی جیهان.وە هەر لەم ڕوانگەیشەوەیە کە بەڕی چەپ و ئازادیخوازی بە گشتی پشتگیری خەباتو بەرگری خەڵکی عەفرین و کانتونەکانی تر دەکەن و دژی دەسەاتە فاشی یە ئیسلامی و قەومی و شۆڤێنی ئوردوگانن.

ئەو کتێبەی چاوەڕوانم دەکرد … هەڵە ڕێژەهاتی

لەسەر کورسیەکی نێو سەنتەری باژێڕێکی ئەوروپا دانیشتبیت و لە قوڵایی خوێندنەوەی دەقێکی شیعریی شایستە و پڕ تەکنیکدا ئیشکەیەکی هارو هاجی دەنوك زەرەد بێتە سەر سەرت و دەنوکت لێبگرێت، یان لە سەندویچەکەی دەستت ببات، بڕگومان لەو جێیەدا رادەوەستیت و کتێبەکە پێوەدەدەیت، تا خێت بۆ هەرشی ئەوان ئامادە بکەیت، ئەو ئیشانە دیارە زستانیش ناچنە گەرمێن و هەر لێرە دەمێننەوە، مافی خۆشیانە ئەوانیش بژین، خۆ هەر تەیروتەوالێك بە ئاسمانی کوردستاندا تێپەڕێت بەسەلامەتی رزگاری نابێت، ئیتر بۆچی بڕۆن؟ ئەمە بابەتی سەرەکی ئەم نووسینە نییە، لەوێدا بووم برادەرەکەم کە خوێنەرێکی سادەو ڕووکەشیی بوو پێیگوتم ئەو چییە هێند بە هەواشی دەڵێیت؟ گەر من بام بە شەو و ڕۆژێك ئەو کتێبەی دەستتم دەخوێندەوەو تەواوم دەکرد.

منیش گوتم با پێوسێ وەرگرم و لەم جێیەدا بوەستم کە دەڵێت (شەهکان … تەواو ئەبن و تەواو نابن) ئەنجا وەڵامی جەنابیشت دەدەمەوە.
– تۆ دەزانیت هەموو شتێك ئارەزوو و مەیل و حەزە، ئەوەی بە شمشاڵێنەرێك دەکرێت، بۆ وێنە بە عاشقێکی کەو و کێترو ئاژەبەخۆکەر ناکرێت، ئەوەش بە دوای کێکردنەوەی تابلۆی دەگمەن و گراندا دەگەڕێت خولیای جیاوازە لەو کەسەی حەزی لە کێکردنەوەی بابەتی کۆن و کەلەپووریی بێت، یان ئەو کەسەی حەزی لە جۆرێکی تایبەت لە ماشێنەو ئامادەیە سامانەکەی خەرج بکات بۆ بەدەستهێنانی، کەواتە هەموو شتێك خولیایە.. ئەوەش بزانە کەم و زۆریی کتێب خوێندنەوە نە پەیوەندی بە قەیران و کێشەی دارایيەوە هەیە و نەپەیوەندی بە ناوچەوە هەیە، بەڵکو ئەوانەی کتێب بە بەشێك لە ژیانیان دادەنێن هیوایەتیان دەستخستن و کێکردنەوەو خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەگمەنانەیە کە لای ئەوان شتێك دەبەخشێت، یان با بڵێین وەرچەرخان و جۆرێك لە سامانە.

ئەم کتێبەش (ئەزموونێکی جیاوازی شیعر) کە بە تایبەت و بەداواکاری لە کوردستانەوە بەدەستم گەشتووە، لای من بەهایەکی زانستی و وێژەیی وای هەیە کە هێند بە هەواشی لەگەیدا بڕۆم، حساب بۆ خاڵبەندیی و فاریزەو نیشانەکانی پرسیاری ناویشی بکەم، لەبەر ئەوە ئەم


خوێندنەوەی من جیاوازە لەوەی تۆ، من بۆ پێشبڕکێ کتێب ناخوێنمەوە، بەکو لەو ئاستەنگ و نشێو و لافەو پێچانەیدا جارانێك چەندان ڕۆژ ئادەمێنم و پاشتر بە هزرو دیدێکی جیاوازەوە دەرباز دەبم بۆ جیهانێکی سیحراوی تر، ئەمە جگە لەوەی بە مشك سافی نەبێت ئەو جۆرە بەرهەم و پەرتوکانە ناخوێنمەوە، تۆ دەزانیت سادەنووسین و سادە خوێندنەوە دەردێکی کوشندەیەو مرۆڤ تەممەڵ دەکات! ئەی دەزانیت چەند کەم نووسیارانی کورد دەقی باش و پڕ جیاوازیی بەرهەم دێنن؟ خێت دەزانیت قەیرانی سیاسی و گەندەڵیی ئابووری لای ئێمە بەداخەوە زۆر لە قەڵەمەکانیشی بارگاوی کردووە بەو پەتا کوشندەیە، جا لە دۆخێکی وا مەحاڵدا زۆر دەگمەنە کتێبێکی ئاوها لەدایك ببێت و پێشبڕکێ لەگەڵ شیعرە جیهانییەکاندا بکات و بە گیانی مالارمێ و ئەلیێت و ڕیمبۆ فڕست و پابلۆ نیرۆدا و پێشکین و تریستان تزاراو ئەندرێ برێتون...و ....تاد بڕێت دوای ئەوە شیعری لەم جۆرەش نووسراو هیچ ژاوەژاوێکیشی لێ نەکەوتەوە، هەمیشە ئەوانەی بڕەنگ خەریکی داهێنانن و دوور لە سیاسەت کاری خۆیان دەکەن کەمتر لە زەمەنی خۆیاندا دەناسرێن و لە بنەکاندا حیزبەکان وەکو ڕەقەمێك بەکاریان دەهێنن بۆ بەرژەوەندی خۆیان، ڕاگەیاندنەکانیشیان هەر گەندەڵن و نازانن چی ڕەسەن و داهێنەرانەیەو چیش بڕقی سەرئاو و کەفوکۆی ڕۆژگارە.

برادەرەکەم لێرەدا بڕەنگ بوو وەك ئەوەی هەستی بە کەمتەرخەمییەك کردبێت، یان تۆگەشتبێت لەوەی کە لە ڕووەیەکی ژیانەوە دواکەوتبێت، هەوڵی دا لەسەر ئاوازی فەینی ئیشێەکان سەما بکات و تێبگات لەوەی بۆچی ئاوها ئیشێەکان لێرە ئازایانە دێنە ناو جیهانی مرۆڤەوەو داوای بەشی خۆیان دەکەن و وەکو مرۆڤەکان زیت و وریان و نایەڵن داوی مرۆڤ هەڵیانبخەڵەتێنێت؟!

ئێژی کەمێ لێشاری تێرێنتێ



ناوی کاریکاتۆر ئۆردۆگان... کاریکاتۆرست... جۆبار


جبار 2018

سـروشتی ژیـان ... مۆ ولـود ئیبراهیم حۆ سۆ ن

پایز..

پۆ ۆ ..پۆ ۆ
جۆ ستۆ ی
پۆشتۆ ی
سروشتۆ ژن
جوان
جوان
ۆوت دۆ کاتۆ وۆ
لۆ بۆ رگ
بۆرگی سروشت
ۆوتی ..ۆوت .
***

زستان..

جۆ ستۆ ی ۆوتی
سروشتۆ ژن
بۆ ئاوی پاکی باران
نۆ رم
نۆ رم
پاک دۆ کاتۆ وۆ
لۆگۆردی سروشت
پاکی ..پاک.
***

بۆ هار ..

گوۆ بۆ گوۆ
جۆ ستۆ ی ۆوتی
سروشتۆ ژن
گوۆپۆش دۆ کات
پۆشتۆ ی
گوۆپۆش

بۆ گوڵی سروشت
گوڵ..گۆ .
***
هاوین ..

چرکە بە چرکە
دڵی سروشتە پیاو
پە دە کات
لە ئە شقی گە رمی
سروشتە ژن
ژنی سروشت
سروشتە پیاو
بە هە موو هێزو جوانیە کە وە
باوە ش دە کات
بە بە ژنی
ڕازاوە ی بوکی ساڵدا
جە ستە ی سروشتە ژن
سروشتی ژن
جە ستە ی سروشتە پیاو
پیاوی سروشت
بە هیوای
نوێ کردنە وە ی ژیان
بە ئە شقە وە
ئەشقی سروشت
جووت دە بن ..
جووتی ..جووت .

—— ٢٩/١١/٢٠١٧ – هە ولێر

بـــەفـــــــــــــــــر ...

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

بەفر شاری سپی کرد
دڵی مندااڵی خۆشکرد
بەتاك تاك و بەکۆمەڵ
دەیکەین بەشەڕ تۆپەڵ
وابڵێم بەفرە جوانە
خەندەلەسەرلێوانە
بەپاڵتۆ وجلی گەرم
لەگەڵ دەستکێشی چەرم
مللپێچ و پووزەوانە
کەهێمای کوردیمانە
زۆرجوان خۆمان پێشیوە
لەشمان سەرمای نەدیوە
چەندەژێکی شیرینە!!
دەیکەین شەڕەبەفرینە
لەبەفرپەیکەردەکەین
دەست وقاچی بەدەکەین
دەم ودووچاولەگەڵ لووت
دەیکەینەپێی جوتك پووت
وەك شێوەکاری وریا
دێین و دەچین بەدەوریا
بەچەپڵەوبەگۆرانی
دەردەبڕین کامەرانی.